# هاوكاری

ژمارەی تایبەتی
هەفتەی ڕۆشنبیری قادسیەی صدام

بەڕێوەبەری گشتی و سەرنووسەر
اسماعیل رسول

پێنج شەمە ٢٤ی كانونی یەكەم ١٩٨١ ژمارە ٦١٧



Institut Kurde de Paris

# هەڵبژاردە لە وتە بەنرخەکانی سەرۆکی فەرماندە صـــدام حســـین



● برایان

عیراق لە پەیوەندیەکانی نێوان دەولەتانەوە هەمیشە لەسەر بناغەی بەرژەوەندیە- کانەوە هەنگاو دەنێت .. هەروەها عیراق هەمیشـــە بەپێی یاساو نەریتەکانـــی دەولەتان دەجوولێـــتو هەمیشە بە تـــونـــدیو مەردانە وەستاوە لـــە پێناوی حەقـــی رەواو نەتەوەیی گەلان لەســـەربەستیو سەربەخۆیـــیداو هەروەها دژی هەموو جۆرە ئیمپریالیزمو چەوساندنو دەست درێژیو جیاوازی رەگەزپەرستانە وەستاوە .

## سەرەتای سەردەمێکی نوێی راپەرین

● ئەی جەنـــگاوەرە ئازاکان ... لە نزیکـــی ئەهوازو دیـــزفـــوولو مەبادانو گیلانو خفاجییە :

ئەی جەنگاوەران ...
لە قەسری شیرینو ... میهرانو سۆمارو محەمەرەو بسێتینو مەیدانەکانی تری جەنگ : - نرخـــی مێژوویی‌یانـــەی ئـــەو دەستکەوتەی بەدیتان هێنا تەنیا لە داگیرکردنی خـــاك یان رزگار کردنی‌داو لـــە تێکشاندنی هێزی دوژمنـــی زۆرداردا نی‌یەوبەس .. بەلکوو نرخی مێژوویی‌یانەی بنەرەت بۆ دەستکەوتەکانتان ئەوەیە کە سەردەمێکـــی نوێی راپەرینی دەروونـــیو فیعلیتان لـــە مێـــژووی پیرۆزی نەتەوەکەتانـــدا دەست پێ‌کرد .

× × ×



● هەلی ئاشتی

● هەلی ئاشتی هێشتا هەرهەیەو ئێمە بە تەنگی‌یەوەینو توانای نەهێشتنـــی ململانـــێ لـــە نێـــوان موسلمانەکاندا ئەویشـــ هەرهەیە ئەگەر پەنامـــان بردە بەرحەق ... بـــە مەرجێـــك کە لە رقوکینە دوور بینو بگەڕێنەوە بـــۆ عەقل بێ‌ئەوەی بیر لـــە رەگزپەرستیو چاوچنۆکـــی بکەین .



● بە تەنگی بنیات نانەوە بێن وابکەن گیانـــــی پەرەپێدان بە هەمان جۆشو بەهەمان گیانەوە بـــەردەوام بێتو ، دەبێت هەریەکـــە لێتان هەست بەوە بکـــات تەنیا تفەنگ حالەتـــی دەربرینی سەرکەوتنـــی نەتەوە نی‌یە ، تفەنگ بەبـــێ بنەمـــاو بەبـــێ گیـــانو بەبێ ئاوەڕۆکانی تری ناکرێت سەرکەوتن وەدەســـت بهێنێت ، یەکێکیش لـــە ئاوەڕۆکانی پەرەپێدانو بـــە ووردی بەردەوام بوونە بـــە قەوارەو بە گیانو لە سەر هەر وەزیرێکە لە ئێوە لـــە جێگری وەزارەتەکانو لـــە بەڕێوەبەرە گشتی‌یەکان داوا بکات ئەو هۆیە نوێیانـــە چین ئەقلی دایان دەهێنێت لەبەر رووناکی‌ی گیـــانی نوێدا گەلی عیراق تێیـــدا دەژێت ، بەلام دەبێـــت هەموو ئەوەتان لە بیربێـــت کە ئەو کەسانەی خوێنـــی خۆیان بەخت دەکـــەن حالەتێکی پێشـــکەوتووی قوربانی‌دانە لە لایەنـــی ئەنجامی راستەوخـــۆو بەسەر کەسانـــی تردا ، شەهیدەکانیش لە هەمـــوو ئێمە رێز گیـــراو ترن ، هەمیشەیش ئەمەتان لـــە یاد نەچێت .

کەواتە کاتێك عیراقـــی ئەم سەربازە بەجەرگـــە ئەگەر ئەو سەربازە ئەفسەر بێت یان سەربازێکـــی ساکار بێت بەم گیانـــەوە بجەنگێت کەســـەر بـــەرزیو پاشەرۆژی پاراســـتن وەك چۆن ئێستای پاراستن ، ئەدیێ چەندان لێ داواکراوە لە بنیاتنان‌دا بجەنگێن بـــۆ ئەوەی نرخی ئەو خوێنانـــە بدەن کە لەسەر هێلـــی پێشەوە لەگەل دوژمـــن‌دا رێژران ... کەواتـــە هەر قەرزارباری دەمێننەوە ئەگەر مێشـــکتان بـــە شێوەیەکی نائاسایی ئیشـ نەکات ئەگەر رەنجتان بـــە شێوەیەکی نائاسایی لـــە لایەنی کاتەوەو بـــە ووردیو داهێنانەوە ئیش نەکات .

Institut Kurde de Paris

دەستی بنیاتنەر دەبێتەوە ، دەستی دەجەنگێ، تا بیناکاریمان بهێنێت !

## دەقی وتە مێژووییەکەی سەرۆکی فەرماندە صدام حسین لەبەردەم وەفدەکانی کۆنگرەی وەزیرانی کاروباری وڵاتە بێ لایەنەکاندا

# بودە بڕینی سەربەخۆیی و دەستەڵاتی ئازادمان لە ڕێبازی بێ لایەن دەڕۆین



بە ناوی گەلی عیراق حکومەکەمەتەکەیەوە پێخوشحالین بەهاتنی بەڕێزان براکانمان وەك میوانێکی خۆشەویست بۆ بەغداد بۆ ئەو وڵاتەی بۆ پێشخستنی گۆڕانی بیروباوەڕە سەرەکییەکانی بزوتنەوەی وڵاتانی بێلایەن دەورێکی زانراوی هەیەو یەکێکە لە دامەزرێنەرانی بزوتنەوەکە .

بەڕێزان کاتێ کە پێتان ئەگەین لەگەڵ ئەوەی ئەبێ پێشتان بلێین چونکە شایانی ئەو وشانەن بەڵام نابێ تەنیا بەو وشانەی کە پێخۆشحالیمان بەرامبەرتان دەردەبڕن دەست هەڵگرین بگرە هەڵوێست و پێویستی سەرشانمان داوامان ێ ئەکەن کە لەو لایەنە بدوێین کە پەیوەندی بە بزوتنەوەی وڵاتانی بێلایەنەوە هەیە ، ئەو پەیوەندییەی بەستراوە بە بیروباوەڕە ناخییەکانی بزوتنەوە کەوەئەمەش وەك دەرگایەك بۆچوونەنا

– ناوەوە ئەبێ بپرسین

– باوەڕمان وا نیە لەسەر ئەم پرسیارکردنەش جیاواز بین بۆچی هەموومان دەست بە بزوتنەوەی وڵاتانی بێلایەنە وەدەگرین. وەڵامیش کە ئێمە دەست بە بزوتنەوەی وڵاتانی بێلایەنەوە ئەگرین ئەوەیە ئێمە ئەمانەوی سەر بە خۆبین و ئەمانەوێ لە شوێنێکدا بین خاوەنی توانابین لەوێوە بتوانین لە بەرنامەی سیاسی و ئابوری و ڕۆشنبیری کاروبارێکەی سیاسەتی ناوخۆیی و نێو دەوڵەتاندا بە خواستێکی سەربەست و تواناداروەوە بۆ پەسەندکردنی بڕیاری نیشتمانی ڕاست لە پێناوی پێشخستن و بە خشندەیی گەلانماندا لە ژیان و ئارەزووەکانیان بۆ

سەربەخۆیی و پێش کەوتن بێ بە گژ مافی دەوڵەتێکی – کەدا چوون کە مافیان دەستی پێ کرد مافمان کۆتایی پێ دێ سەربەخۆیی خۆمان دەربڕین .. لەو بڕوایەدا نیم هیچ یەکێ لە بەڕێزان لەم بیروباوەڕانەدا جیاوازی لەگەڵماندا هەبێ .

بێ ئەوەی قسەکەمان رووی لە کەسێکی دەرەوەی بزوتنەوەی وڵاتانی بێلایەن بێ هەر ئەبێ ئەو بلێین سەربەخۆیی ئەمرۆ لە جیهاندا هێشتا ئاسان نیە ئەبێ دەسەڵاتەکانمان ئەوەندە توانایان هەبێ لە سەر هێڵی سەرەکی لە درێژە پێداوەکانی هەموو لایەنێکی ژیانەوەو بە وردی و گورج و گۆڵانەوە زیندو دەبری توانامان بن ..

لێرەوە بەڕێزان ئەوانەی سەرەتاو بە ڕپرسیاری دامەزراندنی بزوتنەوەی وڵاتانی بێلایەن بوون ئەبێ هەستیان کردبێ کە هەر دەوڵەتێ لە ئێمە ئەمرۆ لە ژێر ڕۆشنایی بوونی دەوڵەتانی گەورەو زۆرانبازی نێوان ئەم دەوڵەتانە توانای ئەوەی نیە بەتەنیا بە شێوەیەکی ڕاست و ورد بەپێ ئەوەی کە حەز لە چی ئەکات و چی ئەوێ دەربڕی سەر بە خۆیی خۆی بێ .

● **تێکەڵی مرۆڤایەتی دەبین**

لەبەر ئەوە ئەبێ لەگەڵ یەکتریدا ببینرێین و . . . ئەبێ بە یەکتری بگەین تا وەکو هاوکاری دژی کەس بابگرە لەگەڵ خۆماندا بکەین و ئەمەش دوور لە مرۆڤایەتی نابگرە بە تێکەڵبوون لە گەڵیاو نەك بە شێوازێکی داخراو بەرووی کۆمەڵانی نێو دەوڵەتاندا بگرە بە تێکەڵبوونی لەگەڵیاناو ئەمەش لە هەموو کاروبارێکی زیندووی دووری ئەو شەپۆلانەوە کە بەلامانەوە ڕەوانین و ئێش بە بزوتنەوەو سەرفرازیمان ئەگەیەنن .

ئەمە لایەنێکی بنەڕەتی بیروباوەڕەکانی بزوتنەووی وڵاتانی بێلایەن .. کەواتە وەك لە دایکمان دەبین ئازاد دەبین و هەر لەو دەمەشدا کەس کۆیلە ناکەین . . بەخشندەیی و مافی خۆمان ئەپارێزین و دەست بۆ بەخشندەیی و سەربەخۆیی و مافی کەس درێژ ناکەین .. ئەمەش لە چاوپۆشی لە ڕای هەر یەك لە ئێمە سەبارەت بە هەر ئەندامێکی بزوتنەوەی وڵاتانی بێلایەن لە بارستەی ئەو پەیوەندییەی چەند بەم بیروباوەڕەوە هەیەتی و پلەی ئەم پەیوەندییەشی ئەبێ بلێم کە ئێمە لەم وڵاتە باوەڕمان بەوە هێناوە کە هەموو ئەندامێکی وڵاتانی بێلایەن لە مەبەستەکانا ئەیانەوێ بەپێی ئەم بیروباوەڕانە سەربەخۆبن . بەڵام ئەبێ ئەوە هەر بلێین کە هەموو ئەندامێکی بزوتنەوەی وڵاتانی بێلایەن بە گوێرەی دەسەڵات و دۆخی نێودەوڵەتانەوە توانای ئەوەی هەبێ هەموو دۆخ و سەردەمێ بە شێوەیەکی وردوو سەربەخۆ دەربڕی هەموو مەسەلەیەکی ناوخۆو نێو دەوڵەتان بێ بۆ ئەم توانایەی دەسگیر نابێ .. لەبەر ئەوە نیە کەرەمینەی ڕەواداری پەیوەندی بزوتنەوەی وڵاتانی بێلایەن لە بواری فراوانتری نێو دەوڵەتاندا کەم و کوڕی تێدابێ ، بگرە کەم و کوڕییەکە لە بزوتنەوەی وڵاتانی بێلایەندا لەو پەیوەندی دارییە داهەیە کە ئەندامەکانی لە ناو خۆیاندا بە شێوەیەکی سەرەکی هەیانە ، ئەگەر چی بیروباوەڕەکانی بزوتنەوەی وڵاتانی بێلایەن لە پلەی پەیوەندی سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیری و هەموو زەمینەیەکیکدا بە شێوەیەکی ڕاست بنەڕەتن بۆ پەیوەندی داریتیمان لەگەڵ یەکتردا بەڵام لە دۆخێکدا این کە توانامان هەیە بە شێوەیەکی وردو کەیشی باوەڕمان دا بو ئەمە لە ڕووی ڕەواو نەك تەنیا لە ڕووی دەسەڵاتەوە پێویستە سەر بە خۆیی خۆمان دەربڕین .. کاتی کە دەربارەی ئەو بیروباوەڕانە ئەدوێین لەگەڵ ئەوەی لە دووانە کە – داسەبارەت بە عیراق لەو ڕووەوە شتێك هەیە وناچار ئەبم بەڵام ئەمە لەبەر ئەوە نیە کە من عیراقیم بگرە لەبەر ئەوە لەو مەسەلەیە ئەدوێم چونکە عیراق ئەندامێکی بزوتنەوەی وڵاتانی بێلایەنەو بۆ مەسەلەی ڕێزگرتن لەبزوتنەوەی وڵاتانی بێلایەن و کۆمەڵگای نێو دەوڵەتان بۆ ئەم شتانە ئەبێ شتی لەو ڕاستیەی جەنگی نێوان عیراق و ئێران بدوێین جا هەر وەك ئێمە لە عیراقدا پێی ئەڵێین جەنگ دژی دەستدرێژی، گومانی تێدا نیە کە کاربەدەستانی ئێران هەر وای پێ ئەڵێن .. ناوی هەڵوێستەکەیان وا ئەبەن کە هەڵوێستێکە دژی دەستدرێژی عیراق و پێش ئەوەش کە دەست بە درێژەدانی زۆر بکەبن و پرسیاری هەمە جۆر بێتە پێشێ داوا لە هیچتان ناکەم وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە .

Institut Kurde de Paris

سەرۆکی
ئەنجومەنی
راپەڕاندنی
کوردستان



# لە سەنگەرەکانی هەرە پێشەوەی جەنگدا سەربازانی کورد گەورەترین داستانی ئازایەتی‌و نەبەردی دەنوێنن

# سەربازانی کورد و عەرەب دڵسۆزی خۆیان بۆ سەرکردەی گەورەمان صدام حسین نوێ دەکەنەوە

**● لە رۆژانی ٩و١٠/ی مانگی رابوردوودا ، بەڕێز مامۆستا جمال حاجی شەریف ، سەرۆکی ئەنجومەنی راپەڕاندنی ناوچەی کوردستان ، لەگەڵ بەڕێزان ئەمینداره گشتی‌یەکانی ناوچە سەریان لە بەرەکانی شەڕدا ، لەم بارەیەوە مامۆستا جمال حاجی شەریف سەرۆکی ئەنجومەن بۆ پەیامنێری هاوکاری دواو وتی :**

– بە پێویستی سەرشانی خۆمان زانی ، بەپێی توانا هاوبەشی راپەڕینی پاڵەوانانەی سوپای ئازای عیراقمان بکەین‌و ، سەریان لێبدەین‌و ، ماوەیەك لە سەنگەرەکانی هەرە پێشەوەدا لەگەڵیاندا دانیشین‌و گوێ لەو چیرۆکە پڕ ئازایەتی‌و نەبەردا نانەیان بگرین ، کە لە جەنگی رەواماندا دژی رژێمی فاشیستی خومەینی دەینوێنن ، ئەوە بوو دوو لیژنەمان بۆ ئەم مەبەستە پێك هێنا ، یەکەمیان خۆم سەرۆکی بووم‌و چووین بۆ ناوچەکانی ناوەڕاست ( قەسری شیرین‌و سومارو سەرپێلی زەهاو ) ، دوەمیشیان بە سەرۆکایەتی مامۆستا محمد صدیق محمودی ئەمینداری کشتوکاڵ‌و چارەسەرکردنی کشتوکاڵ بوو ، سەریان لە داوچەکانی سەرووی جەنگ دا .

**● لەم سەر دانەتاندا چی سەرنجی راکێشانو چۆن بارو هەڵوێستی هێزەکانمان هەڵدەسەنگێنن؟**

– ئەوی راستی بێ ، شتێك زۆر سەرنجی راکێشام ئەویش ورەی بەرزی سەربازە ئازاکانمان بوو ، لە سەنگەرەکانیاندا روو بە رووی هێزەکانی ئێران قسەی خۆش‌و بزەی سەرکەوتن‌و نەترسان دیارو ئاشکرا بە سیمای هەموویانەوە دیار بوو ، لە شەڕدا هێز نیە بەرامبەریان راوەستێ ، لە وەختی ئاسایشیشدا گوێ لە ئیزگەو گۆرانی دەگرن‌و قسەو باسی خۆشی خۆیان دەگێڕنەوە . . . جێگەی سەربەرزی بوو بۆ ئێمە کاتی کە بینیمان چۆن سەربازانی کورد لە سەنگەرەکانی هەرە پێشەوە، چاویان کردۆتە هەزار چاوو دەستیان لە سەپلکەی تفەنگەو ، وەکو هەڵۆ دەڕواننە ئاسۆ بۆ سەرکوت کردنی هەموو هەوڵێکی فارسی دوژمن ، لەگەڵیانا دانیشتین‌و ، هەروەها لەگەڵ برا سەربازە عەرەبەکانداو ئەفسەرەکانیان‌و پاداشتمان بەسەردا دابەش کردن . .

هەروەها لەم سەردانەماندا بە گەرمی‌یەوە لەلایەن گەورە ئەفسەرانی هێزەکانمانەوە لەو ناوچانە پێشوازیمان لێکراو ، بە پێویستی دەزانم لێرەدا زۆر سوپاسیان بکەم‌و ، ئەوا راستی‌یەش راگەیەنم کە ئەفسەرانی ئەم سەردەمەی عیراق ، سەربازی بە جەرگ‌و تێکۆشەرن‌و ، بە چاوی خۆمان لە سەنگەرەکانی پێشەوەی جەنگ شان‌بەشانی سەربازەکانی تر بینیمان هەمیشە لە سەرپێ‌و چالاك‌و نەترس‌و ، چاوەڕێی فەرمانی سەرکردایەتی دەکەن .. . سەربازانی کوردو عەرەب هەموو رۆژێ لە ناوچەکانی جەنگدا دڵسۆزی‌و وفاداری خۆیان بۆ سەرکردەی خۆشەویستمان کاك صدام حسین دووبارە دەکەنەوە ، هەروەها لەوێ چاومان بە جەنگاوەرانی سوپای میللی – ناوچەی کوردستان کەوت‌و ، زانیمان کە بەشداری‌ی تەواوی شەڕەکانی ناوچەی سەرپێلی زەهاویان کردووە ، ئازایەتی‌یەکی زۆریان نواندوە .

**● چۆن ئەرکی پێویستی‌یەکانی سەرشانی ئەنجومەن هەڵدەسەنگێنن بەتایبەتی لەم باروزروفەی ئێستادا ؟**

– ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان ، وەکو دەزگایەکی سەرەکی ئەم ناوچەیە ، لەم بارو زروفەدا کە وڵاتەکەمان پیا دەڕواو ، تیایدا بە سەرۆکایەتی رۆڵەی خەباتگێڕی گەلەکەمان صدام حسین بەرەنگاری شەڕو دەستدرێژی‌یەکانی تاقمە رەگەزپەرستەکەی ئێران دەبینەوە ، ئا لەم کاتانەدا گەلێ ئەرکی نیشتمانی گەورە لە سەرشانمانەو ، هەر لەو رۆژەوە کە شەرەفی مەسئولیەتی ئەم دەزگایەمان وەرگرت ، لیژنەیەکمان بۆ بەسەرکردنەوەی ئەو چالاکیانە دامەزراند کە پەیوەندی بە جەنگی قادسیەی صدامەوە هەیە، ئەرکەکانی سەرشانی لیژنەکە بەم شێوەیە بوو :

– گێڕانی کۆڕو کۆبوونەوەی فراوان لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا بۆ روون‌کردنەوەی هەڵویستی رەوای گەلی عیراقمان لە جەنگی رەواماندا دژی رژێمی خومەینی جادووگەر.

– روون‌کردنەوەی ئەو یاسا شۆڕشگێڕیانەی کە سەرکردایەتی وڵات بۆ چاودێری کردنی کەس‌و کاری شەهیدان دەری کردوە .

– بە سەرکردنەوەو سەردانی کەس‌و کاری شەهیدان‌و ، ئاسان‌کردنی هەموو پێویستی‌یەکیان‌و ، پێشکەش‌کردنی پاداشت‌و دیاری پێیان‌و ، بەوانەی دەورێکی باش لە جەنگدا دەبینن ، وەکو ئەوانەی خوێن پێشکەش دەکەن ..

**● مامۆستا دواوتەت :**


– سوپاسی رۆژنامەی هاوکاری دەکەین‌و ، هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین لە مەیدانی خزمەتکردنی رۆشنبیری کوردیماندا .

**نووسینگەی هەولێر**






# وتارە گرنگەکانی سەرۆکی فەرماندە صدام حسین








صدام حسین





صدام حسین




**لە چاپکراوەکانی دەزگای رۆشنبیری بلاوکردنەوەی کوردی لەم دوایییەدا بلاو کراونەتەوە**

# بۆچی عێراق



لە پاش شەش رۆژ بەرەنگاری کردنی دوژمنان لە ٢٨/ی ئەیلوولی ٩٨٠ دا عێراق بەزاری سەرۆك صدام حسێن پێشنیازی کرد کە ئامادەیە شەڕ بوەستێنێ و راستەوخۆ یا بە هۆی لایەنێکەوە بکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ ئێراندا تا بگەینە ئەنجامێکی وا کۆتایی بەو کێشانە بهێنن کە بوونە هۆی شەڕ هەلگیرسان بۆ زامن کردنی سەربەخۆیی و سیادەی هەردوولاو دەس نەخستنە کاروباری ناوخۆی هیچ لایەکەوەو رێگەدان بۆ پاك کردنەوەی رێگای خواستو ویستی هەردوو وولاتەکە .

عێراقیش لەگەل هەلۆیستی باشی دا لەگەل سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و نوێنەرەکەی ( پالم )و رێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی و نوێنەرانی و بزوتنەوەی وولاتە بێ لایەنەکان و هەوڵە جیاجیاکانی وولاتانی جیهانی سێیەم ، عێراق دووپاتی کردەوە کە هێزو بە توندی رەفتارکردن تاکە رێگا نییە بۆ نەهێشتنی ناکۆکی وولاتان بەتایبەتی وولاتە دراوسێکان چونکە پەیوەندیی و هاوکاریان لەسەر مەبدەئە ئینسانییەکان بنیات نراوە . هیچ بۆنەو فرسەتێکیش نەبووە عێراق ئارەزووی خۆی ئاشکرا ئەکا لە ئاشتی و شەڕ راوەستان . لە هەموو موناسەبەکاندا ئەمە دەرکەوتووە ، لە رەمەزاندا ، لە موحەڕەمدا، لە جەژنەکاندا .

با بێینەوە سەر مەبەستی قسەمان ، لەگەل رەتکردنەوەی کاربەدەستانی تارانیشدا بۆچی عێراق هەر ئاشتی دەوێ ؟ ئایا لە رووی سەربازییەوە دەس کورتە ؟ یا بە کێشەی ئابووریەوە تێ گلاوە ؟ یا کێشەی سیاسی هەیە ؟ ئایا چارەسەرکردن لە مانە رزگاری دەکات ؟ یا عێراق هەلوێستێکی تاکتیکی وەردەگرێ تا سوود لە خراپەی رژێمی تاران وەربگرێ ؟ ئەگەر ئەم پرسیارانە لە جێی خۆیدا نین ، ئەی هۆی سەرەکی هەلۆیستمان چییە ؟ بۆ چاك تێگەیشتنی وەزعەکەو راستی سەیرێکی ژیانی ئێستای عێراق بکەین لە چەند روویەکەوە :

## بەرەکانی جەنگ :

ئەگەر بەرەکانی جەنگ هۆی ئەوە بن کە عێراق داوای ئاشتی دەکات ، پێویستە بە چاکی سەیری توانای سەربازیی و ئەنجامی شەرەکان بکەین و بزانین عێراق لە کوێدایەو حاڵ و وەزعی سەربازانی عێراق و توانای تێکوشانیان چۆنە ؟ لە سەرەتای جەنگەوە تاکو ئێستا ئەنجامی ئیش و کاری سەربازی پیشانی دەدات کە هێزە چەکدارەکانی عێراق لە خاکی ئێراندا دەجەنگن و بەرگریی لە جێگاکانی خۆیان دەکەن و زیانی سەربازیی و ئابووری بە هێزەکانی ئێران دەگەیەنن . هەروەها بۆمباباران کردنی جێگاکانی دوژمن و لە بار بردنی هەولە سەرنەکەو ـ توانەکانیان ئاشکرای دەکەن نەك هەر بەرەکانی سوپای عێراق ژیانی لە بارە ، بەلکو لە گەلێ لایەنەوە لە کاتی دەسپێکردنی شەڕ بەهێزترە . هاوڕێ صدام حسین لە لێدوانێکیدا لە بەردەم ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیدا روونی کردووە ووتی « جارێکی تر ووتم لە دوای ماوەیەکی تر ئەلێین تانك و فرۆکەو تۆپ و تەقمەنیمان لە ئێستا باشترو زۆرترە کەرەسەمان زیاترەو سوپاشمان گەورە ترە ، ئێستا دەلێم ئەوانە سەری گرت لەگەل هەموو هەولێکی دڕندانەدا کە چەند لایەنێك دەیدەن . ئێستا وەزعی سەربازیمان . . سوپامان باشترە لەو رۆژەی کە چووینە شەڕەوە .. ئێستا چەکمان باشترو چاکترە لە جاران » .

بەلاٌم حال و گوزەرانی سەربازانی عێراقیش ، رۆژانە ئاهەنگی رێزلێنانی جەنگاوەران تواناو هێزی عێراق دەردەخەن . بە هۆی گفتوگوشیانەوە کە لەگەل ئەو سەربازانەدا دەکرێن کە لە جەنگ دەگەرێنەوە ، چاکتر ئامادەگیمان بۆ روون دەبێتەوە بۆ تێکوشان و بەروو وەستانی هەولی دوژمناندا، ئەم حالەش جیاوازە لەگەل حالی ئەوانەدا کە لە شەری وولاتانی تردا لە جەنگ دەگەرێنەوە کە لە چیرۆك و رۆمان و کتێب و فلیمدا بەرچاومان کەوتوون . ئەو حالەش کە ئێمەی تێدا دەژین ، بەبێ زیادەرۆیی ، بە تەواویی جیاوازە ، ئەمەش نیشانەی بارێکی دەگمەن نییە لە قاعیدەی گشتی . هۆی ئەمەش پەیوەندیی جەنگاوەرە بە رژێم و سەرۆك و خەلك و نیشتمانەوە ، جەنگاوەریش تەواو هەست دەکات کە تێکوشان تاکە ریکایە بەرانبەر هەلۆیستی شەڕخوازانەی تاران . بە جۆرێکی روونترو ئاشکراتر جەنگاوەری عێراق قەناعەتی وایە لە شەرێکدا دەجەنگێ سەپێنراوە بە سەریا ،هەر ئەوەشە دەبێتە هۆی بەردەوام بوونی . لە بارەی بەردەوام بوونی بەرەی جەنگەوەو مسۆگەرکردنی پێویستییەکانی خۆراگرتن و تێکۆشان و ئیش و کاری سەربازییەوە ، هەر وەکو سەرۆك ئیشارەتی بۆکرد رۆژ لە دوای رۆژ توانای شەڕو سەربازیمان

Institut Kurde de Paris

# لەبەهێزی و سەرکەوتنەوە ئاشتی دەوێ ؟

تازەترو چاکتر دەبێ . ئەم توانا سەربازی و چاکەش نیشانەی دەسەڵات و هێزی سەرکردایەتی یە لە رووی سەربازی و سیاسی یەوە .

● پتەویی ئابووریی عێراق :

وەکو وتمان عێراق لە بەرەی جەنگدا بە دەسەڵات و سەرکەوتووە ، بەڵام ئایا باری ئابووریی عێراق وا دەکات سوور بین لەسەر داخوازی ئاشتیخوازانەمان و ناچارین رادەیەك دانێین بۆ شەروەستاندن ؟ ئەگەر باری ئابووریی عێراق شلۆق بێت چۆن پێ دەزانین ؟

بەبێ رەچاو کردنی حاڵی ئابووری عێراق کاری جەنگ لە سەری ، پێویستە دڵنیا بین لەوەی بزانین ئابووریی عێراق ئێستا لاوازەیان بەهێزە ، تووشی نوشوستی بووە نا ؟ بۆ ئەوەی راستیمان بۆ دەرکەوێ پێویستە چاوێك بگێڕین بە چالاکی یە ئابووری یەکاندا تا بزانین حاڵ لەچی دایە ، بەتایبەتی لە باری پەیوەندیی ئابووریانەماندا لەگەڵ دەرەوەداو لەگەڵ ژیانی جەماوەردا . لەو چالاکی یە دیارانەش ئەمانەش :

– جێبەجێ کردنی نەخشەی پەرەپێدانی نەتەوەیی .

– ژیان و دەرامەتی جەماوە .

– دڵنیایی دەوڵەت لە جێبەجێ کردنی ئەو پەیمانانەی لەگەڵ وڵاتاندا هەیەتی ، چونکە باری ئابووریی وڵات دەسنیشان دەکات . لەم زووەشەوە پێویستە ئەم راستیانە ئاشکرا بکەین .

جێبەجێ کردنی پرۆژەکانی نەخشەی پەرەپێدانی نەتەوەیی بەردەوام و بە پەلە دەڕوات و پرۆژەی تازەش لە ساڵی ( ٩٨١ ) هاتۆتە سەر نەخشەی پەرەپێدان ، کە توانای جێبەجێ کردن و راپەڕین دەسەلمێنێ . تێکڕای دەزگاکانی دەوڵەتیش لەم سەردەمی جەنگەدا توانای خۆی زیاد کردووە و گفتەکانی خۆی بەجێ دەگەیەنێ لەگەڵ کۆمپانیا بێگانەکاندا کە بەشدارن لە جێبەجێ کردنی پرۆژەکاندا .

پەیوەندیی بازرگانی عێراقیش لەگەڵ وڵاتاندا چاکتر بووەو لە ساڵی ( ٩٨١ )دا چاکتر پەرەی سەندوە . بەجۆرێك کەرتی بازرگانی و تێکڕای دەزگاکان دیارە لە مسۆگەر کردنی پێویستی یەکانی پرۆژەکانی نەخشەی پەرەپێدانی نیشتمانی و پێویستی یەکانی بەردەوام بوون لەجەنگداو کەرەسەو شتومەك و پێویستی بازارو کەلوو پەل و ئەو شتانەی زۆر پێویستن بۆ ژیانی خەڵك و وڵات ، ئەمەش بە جۆرێکە ئێستا لە جاران زیاترە .

دەتوانین بڵێین ئەو تەنگوچەڵمانەی جاران هەبوون ئێستا نەماون لە رووی ئابووری یەوە ، هەروەها کەرتی تایبەتی شتی پێویست لە دەرەوە دێنێت و هاوبەشی کەرتی تێکەڵ و کەرتی سۆشیالیستی دەکات . جگە لەمانەش هاوکاری عێراق لەگەڵ وڵاتان و دەزگا دارایی یەکاندا بڕواو پەیوەندیی هاوبەش دەورەی داوە بە پێچەوانەی هەڵوێستی ئێران و وڵاتانەوە .

هەروەها بەرهەمی پیشەسازی لە جەنگەی شەڕدا لە زیادبووندایەو کەرتەکانی سۆشیالیستی و تێکەڵ بەردەوامن لە پێگەیاندنی پێویستی و بەرهەمی پێویستدا بۆ بەرەکانی جەنگ و تێر کردنی پرۆژەکانی پەرەپێدان و تێروتەسەل کردنی بازاڕو دوکاندا . یەکەم جارە لە مێژووی وڵاتاندا لە جەنگدابن و رێژەی سەرف کردنی تێکڕای کەرتەکان دانەبەزێ و هیچ کارێکی کتوپڕیش نەکرێت کە کار بکاتە سەر دەسکەوتی هاو وڵاتیان و هیچ جۆرە باجێکیش نەخرێتە سەرکەس و پرۆژەی پەرەپێدانیش رۆژ لە دوای رۆژ لە گەشەکردندایە . ئەگەر باری ئابووریی بەم جۆرە بێ ، ئاخۆ دەوڵەت دەکەوێتە کێشەوەو هەوڵی شەڕ وەستاندن دەدات ؟ ئەوانەی بەو جۆرە بیر دەکەنەوە لە دەرەوەی وڵات با بێن بۆ عێراق دڵنیابن ، ئەوەی لێرە دەژی راستی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە چاوی خۆی دەبینێ ، دەشبینێ جەماوەر چۆن لە دەوری سەرکردایەتی کۆبوونەتەوە ، دەشزانێ کۆمەڵی عێراق ئێستا لە تاقی کردنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەدایە .

ئا لێرەوە ئێمە باوەڕمان بە ئاشتی هەیە ، ئەم هەڵوێستەش هەڵوێستێکی مەبدەئیانەیەو سەیری بەهێزیی خۆمان و لاوازبوونی ئێران ناکەین بۆ دەس بەسەراگرتنی ئێران ، بۆیە هەڵوێستمان مەبدەئیانەیە بۆ ئاشتی .

● کەواتە بۆچی ئاشتیمان دەوێ ؟

ئەگەر وەڵامی ئەو شتانەی کە ووتمان هۆی نیازمان دەرناخەن لە بارەی هەڵوێستمانەوە بۆ ئاشتی ، ئەی دەبێ بۆچی ئاشتیمان بوێ ؟

بۆ وەڵامدانەوە سەیری هەڵوێستەکانی حیزب و شۆڕشی عێراق دەکەین لە بارەی چەند مەسەلەیەکەوە ، ئەویش بەم جۆرە :

● شۆڕشی حەڤدەی تەمموز لە سەرەتاوە هەڵوێستێکی مەبدەئیانەی بێلایەنی گرتووە لە هاوکاری خۆیدا لەگەڵ وڵاتاندا ، بەمەرجێ نەبێتە هۆی پێشێل کردنی مافەکانی گەل ، هەر بۆیەش گەلێ لە وڵاتان ئەمەیان بۆ ئاشکرا بوو کە ئێمە دژی چەك بەکارهێنانین . ئەو وڵات و رێکخراوانەش باوەڕیان هێنا کە هاتنی پارتێکی شۆڕشگێڕ دەبێتە هۆی ئەوەی دوژمنان بیانەوێ دەس بخەنە نێشرو کاری ناوخۆو پەیڕەوی عورف و عادەتی وڵاتان بشکێنن . ئەم رێبازو هەڵوێستە کە عێراق خۆی هەیەتی وای کرد بەرەو رووی دوژمنان راوەستێ و بجەنگێ لە پێناوی ئاشتیدا .

بۆ دڵنیایی و دووپات کردنەوەی ئەمەش سەرۆکی فەرماندە لە بەردەم ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیدا لە ٢٣–١١–٩٨١ لە ووتارێکدا ووتی : « هەر وەکو وتمان و ئێستاش دەڵێین ئێمە ئاشتیمان دەوێ ، ئەوان لە خەیاڵدا وا دەزانن ئێمە ترساوین ، لێیان گەڕێن با لە خەیاڵدا بن .. دووبارە دەیڵێینەوە لە خومەینی و هەموو لێپرسراونی ئێران بەختەوەر ترین ئەگەر ئاشتی بە شەرەفەوە بێ . بێهێزی نیبە و دوو دڵیش نییە . بەڵکو هەست بە لێپرسینەوەکردنە بەرانبەر بە گەلەکەمان و مرۆڤایەتی و گەلانی ئێرانیش » .

● عێراق نیازی وای نییە هیچ پارچەیەکی ئێران داگیر بکات ، نایەوێ لەسەر شانی ئەو خاکی خۆی فراوان بکات ، بەڵکو بەرەو رووی دوژمنایەتی یەك وەستایەوە دژی ئاسایشی و تاقی – کردنەوەی و سەربەخۆیی بوو ، نایەوێ بەردەوام بێ لە جەنگدا ، لە کاتێکیشدا توانی خاکی خۆی و ئاوی خۆی دەسکەوێتەوە . باوەڕیشی بە ئاشتی لە پاش زیاتر لە (١٥) مانگ شەڕ لەگەڵ فارسە دوژمنەکاندا بانگەوازی ئاشتیخوازانەی ئاشکرا دەکات لە بەرزایی توانا و سەرکەوتنەوە .

● حیزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیستی لە عێراقدا تاقی کردنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە بنیات دەنێ ، بۆ بەرگریی کردن لەو تاقی کردنەوەیە دەجەنگێ ، بۆیە دەیەوێ دوور لە شەڕو ئاژاوە ئەو تاقی کردنەوە شۆڕشگێڕانەی بباتە سەر .

● ئەگەر چی عێراق لە جیاتی میللەتی جەنگێکی نەتەوایەتی دەکا ، بەڵام باوەڕی بەوە لەق نابێ کە مەسەلەی بنەرەتی میللەت بەگژاچوونی زایۆنی یەو دەیەوێ هەرچی مەسەلەی تری هەیە ئاشتیخوازانە چارەسەری بکات لە پێناوی ئەو مەسەلە سەرەکی یەدا ، تا تواناو گوڕی خۆی بەتینتر بکات لە بەرانبەر زایۆنی دوژمندا . رۆڵەکانی ئەم وڵاتە دەزانن داوای ئاشتی کردن لە هێزو دەسەڵاتمانەوەیە ، تاکە رێگاش بۆ حاکمەکانی تاران ئەوەیە بێنە پێشەوەو بە ئاشتی کێشەکە چارەسەر بکەین وەکو هاوسێ خێرو چاکەی میللەتانی ناوچەکەمان بوێ .

Institut Kurde de Paris

# سوپای دلێر

رۆڵەکانی سوپا
رۆڵە بە جەرگەکانی گەل
رووناکی وسەربەستی بە
دەهێنن .. لە جەژن
سڵاوی خۆشەویستی











Institut Kurde de Paris

# عیراق



## ـــ عیراقی دلێـــر


ـەلی عیراقن ، بەمەردایەتی

ـــە دیاری بۆ ڕۆڵەکانمان

ـــی سوپاو سالی نوێـــدا

ـــی لە سوپای دلێرمان









Institut Kurde de Paris

# تاقمەکەی خومەینیو

# زۆرانبازی لە سەر دڕندایەتی زیاتر دژی پێشکەوتن و سەربەستی

هەموو کەس ئەوە دەزانێت کە ڕژێمی خومەینی جادووکەر لە چ گێژاوێکدا دەژی ، گێژاوێك کە هیچ کلۆجێ ناتوانن پەردەی بەسەرا بدەنو بیشارنەوە ، کێشەکانی بەردەم خومەینیو تاقمەکەی ، کێشەی بەو جۆرەن ڕەگو ریشەیان داکوتاوە ، هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیو ئابوریو سیاسیو ڕۆشنبیریو ئاسایشی گرتۆتەوە ..

ئیستا لە ئێراندا زۆرانبازیەکی گەورەش لەناو تاقمەکەی خومەینی خۆیاندا هەیە ، هەرچەندە ئیستا تەنیا حزبی جمهوری ئیسلامی دەستڕۆشتوەو خۆی بەسەر هەموو کاروبارێکی چارەنووسی ئێراندا سەپاندوە ، ئەم خۆ سەپاندنەی حزبی جمهوری لە دوای زنجیرەیەك پیلانو لەناوبردنی کەسە ناسراوەکانی ئێرانو بڵاو پێ‌کردنە زوربەی حزبو بزوتنەوە سیاسی‌یەکانی ئێراندا هاتو ئیستا ئەم حزبە دەستی بەسەر سەرۆکایەتی کۆمارو حکوەتو پەرلەمانی گرتوە .

جا دەبێت ئەوە روون‌بێت کە حزبی جمهوری ئیسلامی جێگای باوەڕی هەموو پیاوە ئاینیەکان نیەو راپۆرتو دەنگ‌وباسە هاتووەکان ساغیان کردۆتەوە پیاوانی ئاینی لەم حزبەدا نیسبەتێکی کەمن ، بەڵام ئەوانەی عەمامەیان دوای هاتنەوەی خومەینی کردۆتە سەر پیاوی ئاینی راستەقینە نین ، بەڵکو بریتین لە کۆمەڵی هەڵباز کە دەیانەوی بازرگانی بە ئاینەوە بکەن ، دوای ئەوەی ڕژێمەکەی خومەینی ماوەی لە بەردەم ئەم دیاردەیەدا کردەوە .

ئەوەی شایانی باسە ، خومەینی دوای ئەوەی هاتە سەر حوکم لەساڵی ١٩٧٩ دا هەموو بەڵێنەکانی پێشوی خستە چاڵەوە کە گوایە بە هاتنەوەی سەربەستیو دیموکراتیەت لە ئێراندا بەرکەماڵ دەبێتو سەربەستی رۆژنامەو حزبە سیاسی‌یەکان زامن دەکات، بەڵام لە گەڕایەوەو بەرهەمی ڕەنجو قوربانی‌دانی گەلانی ئێرانی خستە ئەولاوەو هەرچی عەقلی بۆگەنی خۆی پێ‌رازی نیەنایکات ، ئەوەیشی بەرهەڵستی بیرورواو بۆچونەکانی بکات واتە لەسەر «خەتی ئیمام» نەروات ئەوا بە شێوەیەکی دڕندانە لێی دەدرێ ، بەڵام ئەوانەی مانەوەو ملکەچی فەرمانەکانی خومەینینی مەبەستیان گیرفان پڕکردنو خۆسەپاندنە بەسەر دەستەڵاتداریەتی ئێراندا .

ئەو تاقمەی بە موبارەك ـبایی خومەینی ئیستا لە ئێران کار بەرێوەدەبەن کۆمەڵێ ئۆرۆستۆکراتین لە نێوان پیاوە ئاینیەکانداو زوری‌تریان خاوەن رابووردوی سیاسی خراپەو دەوری دیاریان هەبووە لە بەربەستی کردنی شۆڕشەکەی مصدقو پشتیوانی کردنی هاتنەوەی شادا لەوکاتەدا ، بەڵکو هەندێکیان موچەیان لە بالوێزەکانی بێگانە لە تاران وەردەگرت . جا ئەو کەسانە بەپێی ئەو بارووزروفەی خومەینی بۆی رەخساندن توانیان کلیلی هەڵس‌وکەوتی سیاسی لە ناوەوەی ئێراندا بگرنە دەستو توانیان جێگای خۆیان لە ناوبراو بە « ئەنجومەنی شۆڕش » و ناوبراو بە ( پاسدارانی شۆڕش )دا بکەنەوەو مەحکەمەکانی خومەینی جادووگەریش هەر درایە دەست ئەمانە ، بەم‌جۆرە ئەم تاقمە گەیشتنە رادەیەك ئامادەبوون بۆ لێدانو پەرت‌وبڵاوە پێ‌کردنی هیزەکانی تری ساحەی سیاسی ئێران . رۆژنامەو گۆڤارەکانیان داخستو هەر ئەوانە مانەوە کە بەپێی ئارەزووی ئەمان دەنووسن، دەستیان کرد بە پڕوپاگەندەی پڕ لە ئاژاوەو تۆمەت دانە پاڵ هەموو هیزە سیاسی‌یەکانی وڵاتی ئێران ، دیسان چەندان رووداوی دەستکردیان بەرپاکرد لە شارەکانی ئێراندا بۆ ئەوەی بیکەنە بیانووی لێدانی ئەو هیزانەی لەسەر ئارەزووی ئەوانو خومەینی ناجوڵێنەوە . پەلاماریان بردە سەر بارەگاکانی حزبە سیاسی‌یەکانو کەوتنە سوتاندنو وێران کردنیان .

بەڵام ئەوەی شایانی ئیشارەت بۆ کردنە ئەوەیە ئەو تاقمەی « حزبی جمهوری ئیسلامی » لێ‌پێك هاتووە، یەکگرتوونین لەرووی بیرکردنەوەو هەڵویستی سیاسیانەوە هەتا لەرووی چاوبرسێتیانەوە ، تەنیا ئەوەنەیێ هەموویان سەر بەو تاقمە گەندەڵەن کە ئاینیان کردوە بە ڕێگای بازرگانی کردن لەسەر حسابی ملیونەهای خەڵکی ئێرانی بەش خوراو . هەرئەم تاقمە خۆی لە زەمانی شادا زۆرجار ئاینی دەکردە پەردەی مساوەمە کردنو بەم‌جۆرە بونە دەستەیەکی خۆپەرست لەناو ئێراندا . لەبەر ئەوە بە پەرۆشەوە بوونیان بۆ دەست‌گرتن بەسەر دەستەڵاتداریەتی ڕژێمی ئێراندا تەنیا بە نیازی پاراستنی خۆیانو سامانەکەیانە کە بە زۆرداریو تەڵەکەبازی پێکیان هێناوەو تەنیا ئەمەش ئەو تاقمەی لەسەر یەك ڕێگا کۆکردۆتەوە . لە پاڵ ئەمانەشدا ناکۆکی دیارو زەق لە نێوانیاندا هەیە ، وەنەبێ ناکۆکی فیکریو سیاسی بی بەڵکو ناکۆکی خۆ پەرستی رەگەز پەرستیو تایفەگەری‌یەو لە دووبەشی دیاردا خۆیان دەنوێنن .

● بەشی یەکەم لەوەپێش «اية الله» محمد بەهەشتیو ئیستا «ايةالله » حسین علی منتظری رابەری دەکاتو بە « مافیای ئەصفهان » ناسراونو لە لە کەسە دیارەکانی ئەم تاقمە «حجه الاسلام»هاشمی رەفسنجانیو « ايةالله » محمد رەزا مهدوی کنی سەرۆك وەزیرانی پێشوو هەروەها محمد جواد باهونارو محمد علی رەجائی لەم تاقمە بوون .

● بەشی دووەم یان تاقمی دووەم کە بە «ما فیای تەورێز » ناودەبرێن دیارەکەیان علی اكبر مشکینی‌یە کە مونافەسەی منتظری دەکات بۆ خەلافەتی خومەینیو « ايةالله » علی خامنئی سەرۆك کۆماری ئیستاو پێشەوای حزبی جمهوری ئیسلامیو هەروەها جلال الدین فارسیو « ئایاتەکان » موسافی اردبیلیو اسدالله لاجودیو محمد جیلانیو موسوی خومینیو ئەم تاقمە پشتیوانی هەرەگەورەی میر حسین موسوی‌یە کە لەم دواییەدا کرا بە سەرۆك وەزیرانو زوربەی ئەم تاقمە پەیوەندی خێزانیو سوودی خۆپەرستی پێکەوەی بەستوون .

لە سەرەتادا ئەم دوو تاقمە سەیرو غەریبە لە دەرەوە هاوسوێندی یەك بوون ، ئەم هاو سوێندی‌یەیان لە دەرەوە بۆ خۆ کۆکردنەوە بوو دژی بەرەی نیشتمانیو هیزو حزبو بزوتنەوە سیاسی‌یەکانی تر وەك مهدی بازرگانو بنی صدرو ئەوانی تر . ئەم دوو تاقمە لە دوو زۆرانبازیدا بوون یەکەم بە هەردووکیان دژی ئەو هێزانەو لە نێوان خۆشیانا هەریەکەیان بۆ ئەوەی خۆی بە تەنیا دەست بەسەر حوکمدا بگرێ .

بەم جۆرە ، تا ئیستا هەر خۆیان ماونەتەوەو ئیتر ناتوانن پەردە بەسەر زۆرانبازی‌یەکەی نێوانیاندا بدەن ، یەك دژی ئەوی ترو بەڵام هەموویان دژی ئاواتو خواستی گەلانی ئێرانن کە بە ڕەنجو خوێن شایان روخاندو ئەم تاقمە جەردەو دزو خوێنڕێژە بەرهەمی ڕەنجەکەیان بردن.

ئەمڕۆ کە گەلانی ئێران ، چارەنووسیان کەوتیتە دەست ئەم تاقمە دڕندەیە هەستی بەو راستی‌یە کردوە کە تەنیا ڕێگای بۆ رزگاربوونی لە ژیر دەستی ئەوانە راپەرینەو بە گژاچوونی توندیان ، جا هەلی میژووی لە بەردەم خەباتی گەلانی ئێراندایە بۆ ئەوەی بێتە دەستو تولەی بەروودوا لەو تاقمە جەردەیە بکاتەوە کە رەنجی شۆڕشو قوربانیەکانی دژی ئەو ڕەنجو قوربانیەی بۆ روخاندنی شا دای تا بەسەربەستی بژی کەچی کەوتنە داوی تاقمێ جەردەو نەزانەوە لە دڕندایەتیا ئەگەر لە شا زیاتر نەبن کەمتر نین .

« کاروان »

Institut kurde de Paris



# بیناکاری کۆمەڵ .. لە نێوان بەهای کۆن و پێداویستی نوێدا



**پێویستە بیناکاری کۆمەڵ ، بەشێوەیەکی هاوسەنگ بڕوات و هەموو جوڵانێکی لقی لەناو کۆمەڵداو هەموو ڕێ ڕەوێك تیایدا بەسترابێتە وە بەشێوازی بنچینیەوە .**

**سەرۆکی فەرماندە**
**صدام حسین**

لە گواستنەوەی شۆرشگێرانەی کۆمەڵ مەبەستەکە هەر گۆڕانی قەوارەکەو پەیکەری کۆلەکە کۆنەکان نیەو مەسەلەکە پەیوەندی بە سەرلەنوێ دروستکردنەوەی بنەڕەتەکانی بنەوە هەیەو ئەم کارەشی دەربڕینی بڕوای پێشڕەو دەبێ و مەوداو ڕووەکانی ڕژێمی نوێی خواستراو ڕووناك دەکاتەوە .

مەبەستمان لە کۆمەڵگەی نوێ وەدیهێنانی ئەو دۆخە جۆربەجۆرانە نیە کەوا لە چوارچێوەی ڕاپەڕینێکی دارایی‌دایە ، بگرە گەیشتنە دۆخێکی نوێی ئەوتۆیە کە بە هەموو جیاوازی‌یەکی‌یەوە یەنجە بۆ وێنەی مرۆڤی نوی ڕادەکێشێ .

چیمان لەم کارە دەوێ ، توانای کارەکە بڵێی پەیوەندی بە مرۆڤ و کۆمەڵەوە هەبێ ؟ سەرەتا دەبێ بە مەسەلەیەکی مەوزوعیدا ڕابووڕین ، کە ئەویش ئەوەیە ، دەبێ کۆمەڵ لەسایەی واقعێکی بەرهەمدانی دەستنیشان کراودا پەیوەندی بەرهەمدانی دەستنیشان کراوی هەبێ و دەشبێ ئەمە لەبیرو نەریتیدا ڕەنگ بداتەوەو نرخێ بەم توانا یاخود ئەو توانایەوە دروست بکات و بیبەستێنەوە بەو چوارچێوە گشتی‌یەی کە سروشتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ـیەی‌کە هەبەو دروست بووە .

پاش ئەوەی کە ئەم ڕاستی‌یە دانی‌پیادا نرا ، ئایا ئیتر نرخی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەستنیشان کراو لە پلەیەکی بەرهەمدانی پۆخڵدا لە ڕژێمێکی سیاسی دەسەڵاتداردا نرخی تەواوەو دەربڕینی جەماوەرە ، یان بڵێین ڕەفتارەکانی پێشەنگی شۆرشگێڕی کە بۆ لەبێخ گۆڕانی خواستراو پێکهاتووە دەبەستێتەوە ؟

لێرەدا دەبێ تێبگەین یاخود وریای دووکاری سەرەکی بین کە ئەمانەن :

یەکەم : دەسەڵاتداریتی هێزی دواکەوتوو بڵاوکردنەوەی بیرو نەریت و نرخی لە کۆمەڵدا نزیکترە لە « دەسەڵاتداریتی لاواز» چونکە گومانی تیانیە کە دەبێ لە کاروانی گۆڕان و جوڵانەوەی مێژوودا کە وەستان نازانێ و ناشتوانرێ ڕاوەستێنرێ دواکەوتووە .. !! لەبەر ئەوە بەرتەسیکی هێزە دواکەوتووەکان ، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەلاقە دووپات بووەوەی کە ئەنجامی ئەو بێ‌دەسەڵاتی‌یە پەیدا بووەو نەگەیشتنە بە کاروانی ڕۆژگار کە بەرەوپێشەوە دەڕوات ، ئەمەش تەسکی‌یەکە تا مێژوو بچێتەوە ئەو تووشی خراپتربوون و ئاڵۆزی گەورەترو زیاتر دەبێ . چونکە لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا ماوەی لەیەك دوورکەوتنەوەیان گەورەتر دەبێ .

دووەم : ڕوانینە نرخ و ئەو نەریتەی کە ماوەتەوە نابێ لەو سووچەوەبێ کەوا ڕەفتار لەگەڵ ڕووداوەکانی کۆمەڵایەتی و نەریت دابێکدا دەکات کە باڵی بەسەر کۆمەڵێکدا کێشاوە کە ملکەچی ڕژێمێکی دواکەوتووە .گوایە هەمووی خراپ بووە چونکە لەدایك بووی کۆمەڵێکی خراپ بووە ، ناویستریٚ چونکە ڕژێمی پێشوو نەویستراو بوو ، بگرە ڕوانین بۆ ئەم مەسەلەیە دەبێ لە بنەڕەتێکی بەبیروباوەڕو مەوزوعیەوە سەر هەڵبدات .

## سەرنجی زیندوو

دوای ئەم ڕوون کردنەوەیە چ کارێك دروست ئەبێ ؟

● تەسك‌بوونەوەی بواری هێزە دواکەوتووەکان بەتێپەڕبوونی ڕۆژگار سەربەخۆیی بیرو نەریتی لەو کۆمەڵەدا کە دەستی بەسەر داگرتووە بۆ مسۆگەر ناکات ، بگرە لەگەڵ ئەوشتانەدا کە کۆنەپەرستی باو وەك شتومەکی دەوڵەتی بۆ قەڵاچۆکردن ، چەوسانەوەی سیاسی و بیری و کۆمەڵایەتی و ئابووری هەیەتی بەر بۆ بڵاوبوونەوەی هێزی بیرو تێگەیشتنەکانی بەرەڵا دەکات ،، لەبەر ئەمە ئەگەرچی لەو شوێنی هێزەشەوە بێ کە دەوڵەت پەرەی پێدەستێنێ و ڕەفتاری پێدەکات بەڵام نموونەی ( دەسەڵاتێکی لاوازە ) ئەمەشی نزیکترە لەو « کێشانە ناڕەحەتەوە » لەوەوە بۆ ( یەك سەنگی توانراو ) کە تا ڕادەیەك پارێزگاری کارەکان دەکات. چونکە دوا ڕۆژ هەڕەشەی نەمانی‌دەداتێ و دەسەڵاتی مێژوو مژدەی کەوتنی دەدات .

● ئەو نرخ و نەریتەی لە ماوەیەکی مێژوویدا باون و لەسایەی بەڕێوەبردنێکی سیاسی کۆنەپەرستداو . . جۆرە پەیوەندی‌یەکی‌بەرهەمدارو کۆمەڵایەتی کە پەیوەندیان پێوەی هەیە ، بەهیچ ڕەنگێ ئەوە ناگەیەنێ هەموویان نرخ و نەریتی خراپ بوون دەبێت لەناوببرێن و ، سەرفراز بن لێیان . چونکە هەرجۆرێکی کۆمەڵایەتی باو ، نرخ و نەریتی خۆی هەیە ، ئەمەش لە چوارچێوەیەکدا کە چینەکەی یان کۆمەڵی چینی جیاواز لەیەك دەردەکات . بەم شێوەو بەو شێوەیە لە پاشماوەی مێژوویی نرخی چاك بێبەش نابێ و هەروەاش هەرگیز ناتوانێ خوو نەریتەکانی دروست بکات و بیکاتە دابی باوو تەواو لەناو کۆمەڵدا. چونکە ئەو کۆمەڵە ناتوانێ نەریتەکانی لەو کاریگەر بوونە گیانی‌یەو نرخە دوورخاتەوە کە کاری تێ‌کردووە .

سەرنجی میکانیکی‌یەکە سنووری شت بە پێی ئامێر دابەش‌دەکات ، جا ئەگەر ئەم دابەشی‌کردنە لەگەڵ ڕاستی مەوزوعی و شی‌کردنەوەی زانیاری بۆ دیاردەی گشتی نەگونجا ، بەشێوەیەکی تایبەتی لەگەڵ مەسەلەی کۆمەڵایەتیدا یەك دەگرێتەوە ،، چوونکە چوونە ناو یەك و پێکداهەڵپژان و پاشماوەی بەجێ‌ماوە . کە سەرنجی ڕامیاریانە بۆ لای خۆی وەك وویەکی تەواوی کە چۆن هەیەو چۆنی دەبێ ڕادەکێشێ ..

لەبەر ئەوە دەتوانرێ بوترێ :ـ

یەکەم : پێویست نیە هەموو نرخ و نەریتێکی باوی کۆمەڵایەتی لە قۆناغی ڕووخاندا لەبەر ئەوەی کە قۆناغی نوێ پێویستی بە نرخ و نەریتی نوێ هەبە ڕوش‌بکرێتەوە . گشت گرتنەوە لە دۆخێکی وەك ئەم دۆخەدا دەبێتە نالەباری و بۆچوونی هەڵەشەیی . ئەمەش وەك ئەوەوایە کە بڕوا وابێ کە ئەو نرخ و نەریتانە هەمووی داب و خوون و نابێ دەست بۆ هەندێکیان ببرێ چونکە کۆمەڵ لەسەری ڕۆشتووەو ئەحکامەکانی پەسەند ئەکات .

دووەم : نرخ و نەریت کە پێویستە نەویسترێن و لەناو ببرێن ئەو شتانەن ماونەتەوە کە بنەڕەتیان ئەو پەیوەندیانەن کە هێزە دواکەوتووەکان بۆ مانەوەو دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و مۆگەرکردنی ڕەفتار پێ‌کردن و چەوساندنەوەی کۆمەڵ بەکاریان هێناوەو .

سێیەم : دروستکردنی نرخی کەو پەیوەندی کۆمەڵایەتی گونجاو ، نەریتێ کە دەربڕی ناوەڕۆکی ڕەسەنی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی‌بێ ، دژی گیانی ڕەسەنایەتی نیەو لەجێ‌ماوی کۆمەڵایەتی باشی نەتەوە چوونە دەرەوە نیە ، بگرە ئەوە کە لە گەڵ مەرجەکانی سەردەم و پێشکەش کردنە شارستانی‌یەکان و . . خواستە پێشکەوتووە خواستراوەکەدایە ، لەبەر ئەوە ڕەفتاری دروست کردن بە بارستەی درێژبوونەوەی گۆڕانی و سەردەم .. بچڕانە لەهەموو نرخ و نەریتێکی بێ‌کەڵك کە ڕێ لە کاروانی

Institut Kurde de Paris

# ساڵی نوێ و.. هەمووساڵێک
# کاروانی سەرکەوتن و بیناکاری
# پاشە رۆژی گەشتر



Institut Kurde de Paris


هاوکاری

رۆژنامەیەکی هەفتانەیە

دار الحرية للطباعة ـ بغداد

شەقامی الخلفاء
مەیدانی الخلانی
ت: ٨٨٧٥٧٩٥/٥ خەت

١٦ لاپەرە
٢٥ فلسە